

## ڕۆژنامەنووس موراد وەیسی:

# ئەزموونی کوردستان ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئێران هەیە

**یەکێک لە ئەندامانی شاندی ڕۆژنامەنووسانی ئێران موراد وەیسی بوو، کە ناوبراو ڕۆژنامە نووسێکی چالاک و دیاری نێو شاندەکە بوو.**
**وەیسی کوڕە کوردێکی کرماشانییە و خۆی گوتەنی دڵخۆش بوو بەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە، بەتایبەت کاتێک هاوکارە فارسەکانی ئەو واقعەی ئەمڕۆیان لە باشووری کوردستان دەدی.**

**دیمانە / نامق هەورامی**

*** ئاشنابوونتان بە کاری ڕۆژنامەگەری؟**

- سەرەتا من ماجستێرم لە زانستی سیاسی لە زانکۆی تاران وەرگرت پاشان ساڵی ١٩٩٠ و پاشان وەک بەڕێوەبەری نووسینی کاروباری نێونەتەوەیی لە ڕۆژنامەی «سەلام» دەستم بە کاری ڕۆژنامەوانی کرد تا ساڵی ١٩٩٨ کە بەپێی بڕیارێکی دادگا ڕۆژنامەکە داخرا و پاشان لە ڕۆژنامەی (مشارکت» دەستم بە کار کرد و پاشان لە ڕۆژنامەی «نەورۆز» و کۆمەڵێک ڕۆژنامەی تردا کارم کردووە ئێستا لە ڕۆژنامەی « ئەوەل» کار دەکەم و ئەم ڕۆژنامانە هەموویان سەر بە باڵی ڕیفۆرمخوازەکان بوون بەپێی بڕیاری دادگا هەموویان داخران.

*** لەکاتی ڕیفۆرمیستەکاندا کرانەوەیەک لە کۆمەڵگەی ئێراندا دروست بوو، ئێستا پاش هەڵبژاردنی بەڕێز ئەحمەدی نەژاد لە باڵی توندڕەوی موحافیزکارەکانە، ئەو گۆڕانکارییە لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا بەتایبەت لە کاری ڕۆژنامەوانیدا چۆن دەبینن؟**

- لەسەردەمی دەسەڵاتی ئاغای خاتەمیدا فەزای کاری ڕۆژنامەوانی بەرفراوان بوو بەڕادەیەک ئەمە گەشەی سەند هەرکەسێ تر بێتە سەرکار ناتوانێت بەر بەو کرانەوەیە بگرێت، لە بواری سیاسی و کۆمەڵاتیشدا بە هەمان شێوەیە بۆیە ئەستەمە ئەو دۆخە بگەڕێتەوە بۆ دەورانی بەر لە خاتەمی و لەوانەیە ڕۆژنامەیەک یان چەند ڕۆژنامەیەک دابخەن، کەسێک یان دووکەس ڕێگری لێبکەن، بەڵام چونکە مەسەلەکان کەوتونەتە سەر سکەی خۆیان زەحمەتە ئەو ڕەوتە ڕیفۆرمخوازییە لاواز بکرێت.

لەسەردەمی گلۆبالیزمیشدا ئەوە قبوڵ ناکرێت سیستمێک ببێتە سەر حوکم تەواوی گۆڤار و ڕۆژنامەکان دابخرێت و ڕەوتی ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی سەرکوت بکرێت.

ئەمە هەمووی باری سەرنجە بەڵام ناکرێت بەڕەهایی ئەو حوکمە بدرێت، پێویستە چاوەڕوانی هەنگاوەکانی ئاغای ئەحمەدی نەژاد بین لە دەورانی دەسەڵات و حوکمڕانیدا بزانین بە چ ئاڕاستەیەک هەنگاو دەنێت.

*** زیادبوونی بڵاوکراوەی کوردی لە دەورانی بەڕێز خاتەمیدا دیاربوو ئایا ئەمە بەشێک بوو لە ئەجێندای حکوومەتی خاتەمی یان بارودۆخی تازەی جیهان بەگشتی و ئەو واقعەی ئەمڕۆی کوردستان بوو ئەو زەمینەیەی فراوان کرد؟**

- زەمینە ڕەخساندنە کە لە دوو سەرەوە بوو، لەلایەکەوە لەو کرانەوەیەی کە جەنابی خاتەمی هەنگاوی بۆ ناو لەلایەکی دیکەوە نەزمی نوێی جیهانی ئەو زەمینەیەی لە تەواوی دنیادا دروست کردووە.

لەسەردەمی خاتەمیدا چاپەمەنی کوردی برەوی پێدرا و بەڕادەیەک چاپەمەنی کوردی بە ئاراستەی ناسیونالیستیدا هەنگاوی دەنا.

ئێمە خوازیارین ئەو گەشە سەندنە لە دەورانی ئاغای ئەحمەدی نەژاددا گەشە بکات نەک پاشە وپاش بگەڕێتەوە، خۆ ئەگەر فراوانتریش نەبێت با وەک خۆی بمێنێتەوە.

*** باری ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری کوردی لە کرماشاندا چۆنە؟**

- لە سەردەمی جەنگی ئێران- عێراقدا لە گشت ڕوویەکەوە کرماشان دواکەوت لە کاتێکدا لە دەورانی بەر لە جەنگی ٨ ساڵە، کرماشان یەکێک لە مەڵبەندە چالاکەکانی کاری فەرهەنگی بوو، ڕادێری خۆی هەبوو، بیریارو ڕۆشنبیری کوردی باشی لێبوو.

لە دەورانی ئاغای خاتەمییەوە گەشەیەکی بەرچاوی لە بواری ڕۆشنبیری بە خۆوە بینی، چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار لەو شارەدا بڵاودەبنە، بەڵام تا ئێستاش هەر جەنگ ڕەنگدانەوەی بەسەر ئەو شارەوە ماوە و کاتی زۆری دەوێت تا بارودۆخەکە وەک خۆی لێدێتەوە.

ئێستا لە کرماشاندا ڕۆژنامەی «بێستون»، «ئاوای غەرب»، «پەیکی ئازادی» ئەمە وێڕای چەندین هەفتەنامە و ماڵپەری «کرماشان ئیمروز».

*** بارودۆخی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا چۆن دەبینن؟**

- زۆربەی بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکانی ئێرەم دیووە، ئەوەی من سەرنجی دەدەم ڕۆژنامەگەری لێرە بەشێکە لە کاری حزبی، لەوانەش بە نموونە «کوردستان TV و کوردسات»، «خەبات و کوردستانی نوێ» بە نموونە دەهێنمەوە.

بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشییە لێرە زەمینەی چاپەمەنی بەربڵاوە کەس ڕێگە لە چاپ و بڵاوکردنەوە ناگرێت، چونکە ئەمڕۆ لە بازاری ئازاددا ڕاگەیاندنیش بەشێکە لە کاڵاکانی ئاڵوێر بۆیە دەکرێت وەک هەر کەرەسەیەک لە بازاردا ڕۆژنامە و TV یش ببێتە کەرەسەی مامەڵەکردن، بەڵام گرنگ لەوەدایە چۆن کڕیار بۆ خۆی پەیدا دەکات، لێرە حکوومەت ڕێگە لەوە ناگرێت خەڵکی دیکەش ڕۆژنامە و گۆڤار و TV یان هەبێت وەک ئەوەی مەسەلەی کاری سیاسی و ئایینی و کەلتووری ئازادە.

خاڵێکی تر مایەی دڵخۆشییە ئەویش بوونی نەسلی سێیەم لەنێو زۆربەی کایەکانی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و بەشەکانی تری ژیاندا ئەمەش گەشە بەڕەوتی کۆمەڵگادا دەدات بەڵام پێویستە پەروەردە بکرێ بە بیری نەتەوەیی چونکە نەسلی سێیەم کەمتر ئاشنای کارەساتی نەتەوەکەیانن، نازانن ئەنفال چۆن و بۆچی کرا، نازانێت خەباتی پێشمەرگایەتی چۆن بوو.

بەڵام ئەوەی مایەی سەرسووڕمانە بۆ ئێمە تیتری ڕۆژنامەکانە یان وەک دەڵێن «مانشێتی ڕۆژنامەکانە» کە زیاتر لە دێڕێک دەبێت کە ئەوەش لە چەند وشەیەک نابێت تێپەڕێت کەچی مانشێتی ڕۆژنامە لێرە ٢-٣ دێڕە دەبێت مانشێتی باش دەبێت لە «٥» وشە زیاتر نەبێت، لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی ئێرە زۆر جەنجاڵە، زیاتر لە چەند مانشێتێک لە لاپەڕەی یەکەمدا بەرچاو دەکەون ئەمە لەکاتێکدا کە لە دنیادا لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا وێنەی گەورە و مانشێتی بچووک هەیە.